


# چیرۆکی یەک کاتژمێر


**کەیت چۆپین**

**لە ئینگلیزییەوە: سروە نووری**

**(سوید)**


هەموو دەیانزانی خاتوو مەلارد کێشەی دڵی هەیە، هەر بۆیەش زۆر ئاگادار بوون کە بە هێمنی و بە وریاییییەوە هەواڵی مردنی هاوسەرەکەی پێ بگەیەنن.

خوشکەکەی، جۆزەفین، بە وشەی پچڕپچڕ و ئاماژەی ناڕاستەوخۆ و نیوە شاراوە، هەواڵەکەی پێگەیاند.

هاوڕێی هاوسەرەکەی، ڕیچاردز، لەوێ بوو. ڕیچاردز، لە نووسینگەی ڕۆژنامەکە بوو کاتێک هەواڵی کارەساتی هێڵی شەمەندەفەرەکە پەخش کرایەوە، ناوی «برێنتلی مەلارد» لە سەرووی لیستی «کوژراوەکانەوە» بوو. کاتێکی کەمی بردبوو کە ڕیچاردز بە تەلەگرامی دووەم، لە ڕاستی هەواڵەکە دڵنیا ببێتەوە. خێرا خۆی گەیاندبوو- تا نەهێڵێت هاوڕێیەکی کەمتر ئاگادار لە نەخۆشی خاتوو مەلارد- ئەم هەواڵە دڵتەزێنە بگەیەنێت.

خاتوو مەلارد وەک ژنانی دیکە کە توانایی قبووڵکردنی هەواڵی لەم دەستەیان نییە، هەڵسوکەوتی نەکرد. دەستبەجێ فرمێسکی هاتە خوارەوە و بە پەرۆشییەکی زۆرەوە بێباکانە خۆی خستە باوەشی خوشکەکەی. دوای هێوربوونەوە بە تەنیا چووە ژوورەکەی خۆی و نەیهێشت هیچ کەسێک دوای بکەوێت.

لە بەرانبەر پەنجەرەی والای ژوورەکەی، کورسییەکی ئاسوودەی گەورەی لێ بوو. خاتوو مەلارد، لە ژێر گوشاری ئەو ماندووێتییەی جەستەیەوە کە تا هەناوی چووبووە خوارێ، خۆی خزاندە ناو

کورسییەکەوە.

لە گۆڕەپانی بەرینی پێش ماڵەکەیڕا، سەرچڵی دارەکانی دەبینی کە بە سروەی بەهار دەلەرینەوە. بۆنی خۆشی باران لە هەوادا بوو. لە کۆڵانەکەی خوارەوە، چەرچییەک کەلوپەلەکانی خۆی بە دەنگ هەوار دەکرد. ئاوازی گۆرانییەکی دوور، بە ئارامی دەهاتە گوێی. چەندان چۆلەکە بەردەوام لە سەربانەکە دەیانجریواند.

جێگە جێگە شینیی ئاسمان لە نێوان ئەو هەورانەی کە لەلای ڕۆژئاواوە بەرانبەر پەنجەرەکەی کۆبووبوونەوە، دیار بوو.

خاتوو مەلارد سەری خستبووە سەر کوشنی کورسییەکە، بێجگە لەو کاتانەی کە هەنیسکی گریان لە قوڕگییەوە دەهاتە دەرێ و جەستەی دەلەرزاندەوە، وەک منداڵێک کە لەبەر گریانی خۆی خەوی لێ کەوتبێ، بە تەواوی بێ جووڵە دانیشتبوو.

وێ گەنج بوو، ڕوخسارێکی گەش و هێمنی هەبوو، کە هێڵەکانی گوزارشتیان لە سەرکوتکردن، تەنانەت جۆرێک هێزی دیاریکراو دەکرد، بەڵام ئێستا چاوەکانی بە نیگایەکی لێڵ دەیانڕوانییە یەکێک لەو پەڵە شینانەی ئاسمان. ئەو ڕوانینە واتای بیرکردنەوە نەبوو، بەڵکوو زیاتر ئاماژەیەک بوو بۆ وەستاندنی بیرکردنەوەی هۆشمەندانە.

شتێک بەرەوڕووی دەهات و ئەو بە ترسەوە چاوەڕێی دەکرد. ئەم شتە چ بوو؟ نەیدەزانی؛ ئەوەندە نەرم و نادیار بوو کە نەیدەتوانی ناوێکی لێ بنێت، بەڵام هەستی پێ دەکرد، لە ئاسمانەوە دەرچوو، لە ڕێگەی دەنگ و بۆنەکانەوە، ئەو ڕەنگانەی کە هەوایان پڕ کردبوو، لێی نزیک دەبووەوە.

دڵەکوتەی گرتبوو. دەستی کرد بە ناسینی ئەو شتەی کە لێی نزیک دەبووەوە تا دەستی بە سەردا بگرێت. هەوڵی دا بە ویست و ئیرادەی خۆی دووری بخاتەوە، نەک بە بێهێزی دوو دەستە سپی و باریکەکانی.

کاتێک خۆی شل کرد، وشەیەک لە ژێر لێوەکانییەوە دەرچوو. چرپەیەک بەردەوام دەیگوت: «ئازاد، ئازاد، ئازاد!» ئەو نیگا لێڵە و ئەو ترسەی کە دایگرتبوو، لە چاوەکانی بزر بوون. چاوەکانی تیژ بوون و دەدرەوشانەوە. دڵی بە خێرایی لێی دەدا و سووڕانی خوێنی گەرم، هەموو جەستەی گەرم و ئارام دەکردەوە.

خاتوو مەلارد ڕانەوەستا بۆی دەرکەوێ کە ئایا ئەم شادییە، شادییەکی شەیتانییە کە دایگرتووە، یان نا! تێگەیشتنێکی ڕوون و بەرز هانی دا کە سەرنجی ئەم شتە بێ نرخ و بێ بایەخانە نەدات. دەیزانی کاتێک دەستە میهرەبان و نەرمەکانی مێردەکەی کە بە مردوویی لێک گرێ دراون و ڕوخساری کە هەرگیز بێجگە لە خۆشەویستی سەیری نەکردبوو، ببینێ دیسان دەگری و فرمێسک دەڕێژێ، بەڵام ئەو، لەودیو ئەو ساتە تاڵەوە زنجیرەیەکی درێژی ساڵانی داهاتووی دەبینی، کە بە تەواوی هی خۆی بوون، بۆیەش باوەشی کردەوە و بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێ کردن.

لە ساڵانی دادێدا بڕیار نییە بۆ هیچ کەس بژی؛ ئەو تەنیا بۆ خۆی دەژی. هیچ ئیرادەیەکی بەهێز وجوودی نابێ کە ویستی ئەو ژێر پێ بخات، بە تایبەتی لەو پێداگرییە کوێرانەیەی کە پیاوان و ژنان پێیان وایە مافی ئەوەیان هەیە ئیرادەی خۆیان بەسەر کەسێکی دیکەدا بسەپێنن. لەم کات و ساتەدا نیازی باش، یان خراپ، بۆ ئەو هیچ جیاوازییەکی نەبوو، بە ڕوونی هەر جۆرێک لە سەپاندنی ئیرادەی، بە تاوان دەزانی.

سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، هەندێـک جـار خۆشـی ویسـتبوو، زۆرجاریـش خۆشـی نەویسـتبوو، ئیتـر گرنگ نەبوو! خۆشەویستی! ئـەو نهێنییـە چارەسـەر نەکـراوە، لەبەرانبـەر ئـەم متمانـە بەخۆبوونـەدا کـە لەنـاکاو، وەک بەهێزتریـن پاڵنـەر و هەوێنـی بـوون، لـە خۆیـدا بـەدی کـردووە، چ بایەخێکـی هەیـە!

بـەردەوام لـە ژێـر لێـوەوە دەیچرپانـد: ئـازاد! جەسـتە و ڕوح ئـازاد!

جۆزەفیـن لـە پشـت دەرگـە داخراوەکـەوە چۆکـی دادابـوو، لێوەکانـی بـە کونـی کلیلەکەوە نوسـاندبوو، دەپاڕایـەوە و مۆڵەتـی چونـە ژوورەوەی دەخواسـت. «لۆییـز، دەرگەکـە بکـەرەوە! تکایـە دەرگەکـە بکـەرەوە، خـۆت نەخـۆش دەخەیـت. چـی دەکەیـت، لۆییـز؟ بـۆ خاتـری خـوا دەرگەکـە بکـەرەوە.

- بڕۆ، خۆم نەخۆش ناخەم، نەخێر.

ئـەو لـەو پەنجـەرە کراوەیـەوەڕا ئیکسـیری ژیانـی هەتـا هاتایی دەخـواردەوە.

خەیاڵـی بـە خێرایـی بـەرەو ڕۆژانـی داهاتـوو دەفـڕی. ڕۆژانـی بەهـار، ڕۆژانـی هاویـن و هەمـوو جـۆرە ڕۆژێـک کـە هـی خـۆی بـوون. لـە خـوا پاڕایـەوە کـە تەمەنـی درێـژ بێـت، تەنیـا دوێنـێ بـوو کـە بـە ترسـەوە بیـری لـەوە کردبـووەوە کـە نـەکا تەمەنـی درێـژ بێـت!

هەسـتایە سـەر پـێ و لەبەر پاڕانەوەکانی خوشـکی، دەرگەکـەی کـردەوە. هەسـتی سـەرکەوتنێکی گـەرم لـە چاوەکانیـدا بـوو، بـێ ئـەوەی بزانـێ خـۆی وەک ئیلاهـەی سـەرکەوتن خەمڵانـد. دەسـتی لـە نـاو قـەدی خوشـکەکەی وەرینـا و پێکـەوە لـە پلەکانەکان دابەزیـن. ڕیچـاردز لـە خـوارەوە چاوەڕێـی دەکـردن.

کەسـێک کلیلـی خسـتە نـاو درگەکـە و کردییـەوە، «برێنتلـی مـەلارد» هاتـە ژوورەوە، تـۆزی سـەفەری لـێ نیشـتبوو، بـە هێمنـی جانتـا و سـەیوانەکەی بـە دەسـتەوە گرتبـوو. لـە شـوێنی ڕووداوەکـە دوور بـوو، تەنانـەت نەیزانیبـوو کـە ڕووداوێـک ڕووی داوە.

لـە قیـژەی تیـژی جۆزەفیـن و لـە جووڵـەی خێـرای ڕیچـاردز کـە هەوڵیـان دەدا ژنەکـەی نەیبینـێ، سـەری سـوڕ مـا.

کاتێـک پزیشـکەکان هاتـن، گوتیـان کـە بەهـۆی نەخۆشـیی دڵـەوە، بەهـۆی شـادییەکی کوشـندەوە مـردووە.

**کێیـت چۆپیـن (١٨٥٠-١٩٠٤) نووسـەرێکی ئەمریکـی بـوو، کـە وەک پێشـەنگ لـە ئەدەبـی فێمێنیسـتی سـەدەی نۆزدەیـەم هەژمـار دەکرێـت. «چیرۆکـی یـەک کاتژمێـر»، یەکێکـە لـە بـە ناوبانگتریـن کارەکانـی چۆپیـن، کـە بـە قەبارەیەکـی کـەم، کاریگەرییەکـی گـەورە لەسـەر خوێنـەر دادەنێـت. لـەم چیرۆکـەدا چۆپیـن تەنیـا لـە چەنـد پەرەگرافێکدا، گۆڕانکارییەکـی قووڵـی دەروونـی ژنێـک وێنـا دەکات کـە بـە بیسـتنی هەواڵـی مردنـی هاوسـەرەکەی، نـەک تەنیـا خـەم، بەڵکـوو هەسـتی ڕزگاری ئەزمـوون دەکات. ڕزگاری لـە چوارچێـوە تەقلیدییەکانـی هاوسـەرگیری و ژن بـوون. ئەم چیرۆکە نموونەیەکـی درەوشـاوەیە لـە ئەدەبیاتێک کـە بێدەنگانـە هـاوار دەکات.**

**ئـەم چیرۆکـە لـە نووسـینی Kate Chopin، یەکـەم جار لە سـاڵی ١٨٩٤، لە گۆڤـاری «ڤۆگ» Vogue بـڵاو بووەتـەوە، دواتـر لـە زۆر شـوێن چـاپ کـراوە، بـەڵام مـن لـە کتێبێـک بـە نـاوی: Kate Chopin: The Dover Reader کـە لـە سـاڵی ٢٠١٥، لـە ئەمریکا چـاپ کـراوە، کـە لـە لایـەن دەزگای چاپـی: Dover Publications, Inc، لاپـەڕەی ١٣٠ تـا ١٣٢ وەرمگرتـووە.**